کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-10-2007 0:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**مشەخۆر ... باندی عەلی**

دێنە ژووری بەئەسپایی
وەك هەناسە، تێکەڵاوی خوێنم ئەبن
دێنە ژووری و بەشەریکی
هەم نان و هەم نوێنم ئەبن
هەم کات و هەم شوێنم ئەبن..
دێنە ژووری
وەك ڕەهێڵەی کوللەباران
بەسەر دەشتی سەوزی ژینا
وەك هاتنەوەی مشەخۆران
لەسەروەختی ڕاپەڕینا
دێنە ژووری، بەئەسپایی
هەست بەتەپەی پێیان ناکەی
دێنە ژووری و بەکەس ناڵێن
ئەم تراژیدیایە تاکەی..
دێنە ژووری و سنوور ئەبڕن
بێ ئەوەی مۆری مۆڵەتیان
لەپاسپۆرتی سەفەر دابێ
بژاری گشت شەونمێکی
سەر کوڵمی ئاڵی گوڵ ئەکەن
بێ ئەوەی هەر دڵۆپێکیان
خوێن بەدرکی زەرەر دابێ
چوار تەنیشتیان لێ تەنیوم
دێنە ژووری لەگشت لاوە
هێلانەی حەز تاڵان ئەکەن
دڵم ئەکەن بەکەلاوە..
خەونەکانیش ئەپشکنن تابزانن
بەڵێنی عیشقی ئەبەدیم بەکێ داوە..
دێنە ژووری و جێگەپێیان
بەجێگەپێی مرۆڤ نامۆن
دەمێ بۆرن دەمێ مۆرن دەمێ
دەمێ سۆرن دەمێ مارۆن
دێنە ژووری بەهێواشی
لەدرزی پەنجەرەی هۆشی
بەکراوەیی بەجێماوی مناڵیەوە
دێنە ژووری بەدوو دەستی
لەخوێنی گوڵ هەڵسواوی خاڵیەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دێنە ژووری و ناڕۆنەوە
تادوا دڵۆپی شەربەتی
گیان و ژیان نەخۆنەوە! ..

Bandi Ali

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.